هەرێمی کوردستان/ عێراق

ئەنجومەنی وەزیران

إقليم كوردستان/ العراق

مجلس الوزراء

## بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران

## ژمارە (٥٦) لە ٢٠٢٠/٥/١٣

پشتبەست بە ئەحکامی ماددەی (هەشتەم) لە یاسای ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ هەموارکراو، و لەبەر ڕۆشنایی کۆنووسی کۆبوونەوەی ئاسایی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٢٨) لە ٢٠٢٠/٥/١٣، ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری دا بە:

**یەکەم:** پێکهێنانی لیژنەیەك بە سەرپەرشتیی ڕاستەوخۆی هەردوو بەڕێزان سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بۆ مەبەستەکانی بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٣٣) لە ٢٠١٩/١١/٦ تایبەت بە چاکسازی کارگێڕی و هەیکەلبەندی نوێی پەیکەری حکومەت و میلاك و وەسفی وەزیفی، و هەروەها بۆ ڕێکخستنەوەی هەیکەلییەتی مووچە (سلم الرواتب)ی نوێ لە هەرێمی کوردستان بە ئاڕاستەی کەمکردنەوەی ئەو جیاوازییە زۆرەی لە نێوان بەرزترین ئاستی مووچە و نزمترینی هەیە بە شێوەیەکی دادپەروەرانە و بەم شێوەیەی خوارەوە:

١. وەزیری دارایی و ئابووری.
٢. وەزیری پلاندانان.
٣. وەزیری کار و کاروباری کۆمەڵایەتی.
٤. وەزیری هەرێم بۆ کاروباری دانوستان لەگەڵ حکومەتی فیدراڵی.
٥. سەرۆکی دیوانی ئەنجومەنی وەزیران.
٦. سکرتێری ئەنجومەنی وەزیران.
٧. سەرۆکی فەرمانگەی هەماهەنگی و بەدواداچوون.
٨. سەرپەرشتیاری پڕۆژەی بایۆمەتری لە نووسینگەی بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران.
٩. سەرۆکی فەرمانگەی تەکنەلۆژیای زانیاری لە دیوانی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران.

**دووەم:** وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکەن و دەرئەنجامی کارەکانیان بۆ ئەنجومەنی وەزیران بەرز دەکەنەوە و فەرمانگەی هەماهەنگی و بەدواداچوونیش کاری بەدواداچوون ئەنجام دەدات و ئەنجومەنی وەزیرانی لێ ئاگادار دەکاتەوە.

مەسرور بارزانی

سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران